# ئاڵنگارییەکانی شوناسی کلتوری تاکی کورد لە میدیای نوێدا

## (توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوی ماستەرنامەیە)

شیلان عصمت قادر[1] پ.د. رزگار محمد شێخ محمد[2]

[1] بەشی تەکنیکی میدیا، پەیمانگەی تەکنیکی کارگێری هەولێر ، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر

[2] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلیژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی گرنگترین ئەو ئاڵنگارییانەیە کە ڕووبەڕووی شوناسی کلتوری تاکی کورد دەبێتەوە لە میدیای نوێدا، گرنگی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەرییەکانی شوناس لەسەر تاك و لەسەر کۆمەڵگە لە ڕووی پەیوەستبوون بە گەل و نیشتیمانەوە، وە بەهێزکردنی ئەم لایەنانە لە ڕێگەی پەرەپێدانی کلتورییەوە، دەبێتە مایەی گەشەسەندن و بوژانەوە لە ڕێگەی پاراستن و بەرز ڕاگرتنی شوناس و کلتوری نەتەوەییەوە، فەرامۆشکردن و بێ ئاگابوون لە کاریگەرییە نەرێنیەکانی میدیای نوێ ئاڵنگاری گەورە وترسناکن لەسەر تاکی کورد و بە دەرەنجام لەسەر داهاتووی کورد. ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوەیەکی وەسفییە تیایدا میتۆدی ڕووپێوی بەکارهاتووە، کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەسەرجەم قوتابیانی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، فۆرمی (240) قوتابی لە هەردوورەگەزی نێر و مێ لە قوتابیانی پەیمانگای تەکنیکی کارگێڕی هەولێر و کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر بە دروستی گەڕاوەتەوە و وەك نمونە وەرگیراون. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژەر پێی گەشتووە بریتیە لەوەی کە میدیای نوێ،هەلی کۆمینیکەیشن وکارلێککەری بە تاکەکان داوە، لەگەڵ دروستکردنی کاریگەری کلتوری لەسەریان. شوناسی کلتوری کوردیش هاوشێوەی شوناسەکانی دیکە لە جیهاندا ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەیەکی سەخت بۆتەوە، ئاڵنگارییە کلتورییەکانیش بە ترسناکترین ئەو ئاڵنگاریانە هەژمار دەکرێن کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگەکان دەبێتەوە. لە کۆتایی توێژینەوەکەدا چەندین ڕاسپاردە و پێشنیاز تۆمار کراوە.

**کلیلی وشەکان: ئاڵنگاری، شوناس،کلتور،تاکی کورد، میدیای نوێ.**

---

## الملخص

الهدف من هذه الدراسة هو معرفة أهم التحديات التي تجابه الهوية الثقافية للفرد الكوردي من خلال الإعلام الجديد، ترجع أهمية الدراسة الى تأثيرات الهوية على الفرد والمجتمع من حيث الإنتماء للشعب والوطن، وأن تقوية هذه الجوانب من خلال التنمية الثقافية كفيلة بالتطوير والإنعاش عن طريق الحماية واعلاء الهوية والثقافة القومية، أما التجاهل وعدم الوعي بالتأثيرات السلبية لإعلام الجديد تعد تحدياً كبيراً وخطيراً على الفرد الكوردي وبالنتيجة على مستقبل الكورد. هذه الدراسة هي من نوع الدراسات الوصفية واستخدم فيها المنهج المسحى، يتكون مجتمع البحث من طلبة جامعة أربيل التقنية، وعينة البحث تتكون من (240) طالب وطالبة من طلاب معهد التقنية الإدارية فِي أربيل وكلية التقنية الإدارية فِي أربيل

بكرێت. (شيخاني 2010، 437)

## پێشەکی

لە کۆمەڵگای هاوچەرخی جیهان گۆڕانکاری گەورە هاتۆتە ئاراوە لە بواری ڕاگەیاندن و کۆمینیکەیشندا؛ بە شێوەیەك گۆڕانکاری گەورەی لە شێوازەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و وەرگرتنی زانیاری لێکەوتۆتەوە.سەردەمی زانیارییەکان تایپێکی نوێی لە میدیا لێکەوتۆتەوە کە لە چەمك و ئاکار و تایبەتمەندی و ئامرازەکانییەوە جیاوازە لە تایپی میدیای تەقلیدی جاران، هەروەها جیاوازە لە ڕووی کاریگەرییە میدیایی و کلتوری و پەروەردەییە فراوانەکەیەوە تا ئەو ڕادەیەی ئەو سەردە بە سەردەمی میدیا ناوزەد

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی "ئاڵنگارییەکانی شوناسی کلتوری تاکی کورد لە میدیای نوێدا"یە.گرنگی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی وکاریگەرییەکانی شوناس لەسەر تاك و لەسەر کۆمەڵگە لە ڕووی پەیوەستبوون بە گەل و نیشتیمانەوە، و بەهێزکردنی ئەم لایەنانە لە ڕێگەی پەرەپێدانی کەلتورییەوە کە بە بەهێزترین جۆری پەرەپێدان هەژمار دەکرێت، دەبێتە مایەی گەشەسەندن و بوژانەوە لە ڕێگەی پاراستن و بەرز ڕاگرتنی شوناس و کەلتوری نەتەوەییەوە، فەرامۆشکردن و بێ ئاگابوون لە کاریگەرییە نەرێنیەکانی ئامراز وشێوازەکانی میدیای نوێ ئاڵنگاری گەورە وترسناکن

---

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4 ، العدد 1 (2023)
أُستلم البحث في 18 سبتمبر 2021؛ قُبل في 23 يناير 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 01 أبريل 2023
البريد الإلكتروني للمؤلف : shilanqadir2014@gmail.com
حقوق الطبع والنشر © 2023 شیلان ، رزگار. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

لەسەر تاکی کورد و بە دەرەنجام لەسەر داهاتووی کورد.

ئەم توێژینەوەیە لەچوار بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمیان خۆی لە چوارچێوەی گشتی توێژینەوە دەبینێتەوە ، بەشی دووەمی بریتیە لە چەمکی میدیای نوێ وکاریگەریەکانی،بەشی سێیەم شوناس و شوناسی رۆشنبیری لەخۆ دەگرێت، هەرچی بەشی چوارەمە؛ ڕێکارە مەیدانییەکانیتوێژینەوەکە کە خستنەڕووی داتا و زانیارییەکان و بەتاڵکردن وشیکردنەوە لە خۆدەگرێ. دواتر دەرئەنجام و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم: میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە

### یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە:-

### 1 - کێشەی توێژینەوە:

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی گرنگترین ئەو ئاڵنگاریانەی کە میدیای نوێ لە ڕێگەی توانا مەزنەکانیەوە دروستی دەکات لەسەر شوناسی کلتوری تاکی کورد وپێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردی، هەروەها دەرهاوێشتە و دەرەنجامەکانی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی لە ڕێگەی بەیەکەوە بەستنی بە کۆمەڵگەی دەرەکیی و جیهانییەوە.

### 2 - گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی وکاریگەرییەکانی شوناس لەسەر تاك و لەسەر کۆمەڵگە لە رووی پەیوەستبوون بە گەل و نیشتیمانەوە، و بەهێزکردنی ئەم لایەنانە لە ڕێگەی پەرەپێدانی کەلتورییەوە کە بە بەهێزترین جۆری پەرەپێدان هەژمار دەکرێت، دەبێتە مایەی گەشەسەندن و بوژانەوە لە ڕێگەی پاراستن و بەرز ڕاگرتنی شوناس و کلتوری نەتەوەییەوە، فەرامۆشکردن و بێ ئاگابوون لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئامراز وشێوازەکانی میدیای نوێ ئاڵنگاری گەورە وترسناکی لەسەر تاکی کورد و بە دەرەنجام لەسەر داهاتووی کورد.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناساندن و دیاریکردنی ڕەهەندە جیاجیاکانی بابەتەکە وریژە و ئاستی کاریگەرییەکانی میدیای نوێ و ڕەنگدانەوەی لەسەر تاك و کۆمەڵگەی کوردی، بە مەبەستی خۆپاراستن لە لایەنە نەرێنییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکان لەلایەك و بەکارهێنان و سوود لێوەرگرتن لە بابەتی میدیای نوێ و پەیام و ڕەهەندەکانی لە لایەکی دیکەوە، بە تایبەتی ئەو ئاڵنگاریانەی ڕووبەڕووی شوناسی تاکی کورد دەبنەوە لە دەرەنجامی جیهانگیری میدیایی و کەلتورییەوە.

### 3 - ئامانجەکانی توێژینەوە:

1.ڕۆشنایی خستنەسەر میدیای نوێ و ئامراز وتایبەتمەندییەکانی.
2.دەرخستنی ڕۆل و کاریگەری و بەشداری میدیای نوێ و ئامرازەکانی لەسەر شوناس و ناسنامەی تاکی کورد.
3.دیاریکردنی ئاڵنگارییەکانی سەردەمی جیهانگیری میدیای و میدیای نوێ لەسەر ڕەهەندە ناوخۆییەکانی کەسایەتی و ژیان و ئێستا و داوارۆژی کۆمەڵگە و تاکی کورد ودیارکردنی سروشت وجۆری ئەو پەیوەندییەی لە نێوان میدیای نوێ و شوناسی ناوخۆیی هەیە.

### 4 - پرسیارەکانی توێژینەوە:

1.هۆکاری بەربڵاوی و زۆر بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ چی دەگەڕێتەوە؟
2. میدیای نوێ ئاڵنگارییە یان هەلە بۆ تاك و کۆمەڵگە بۆ پاراستن و برەودان بە شوناس؟
3.کاریگەری میدیای نوێ لەسەر شوناس بە گشتی و شوناسی کلتوری تاکی کورد، ئایا بە دیوە ئەرێنییەکەیەتی وەیان بە دیوە نەرێنییەکەیەتی؟
4.ئایا دەکرێت میدیای نوێ بەکاربهێندرێت و سوودی لێوەربگیردرێت بۆ پاراستن و بەرزڕاگرتنی شوناسی کلتوری کورد؟

### دووەم: کەرەستەکانی توێژینەوە:

گرنگترین ئەو کەرەستەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە بریتیە لە فۆرمی ڕاپرسی.

### سێیەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەو نمونەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە قوتابیانی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر. نمونەی توێژینەوەکە بریتیە لە قوتابیانی کۆلێژی تەکنیکی کارگێری و پەیمانگای تەکنیکی کارگێری هەولێر بە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، بەشێوەی نموونەی هەڕەمەکی مەبەستدار(240) قوتابی بە نمونە وەرگیراوە.

### چوارەم: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:

1- شوناس (Identity) : شوناس لە مانا ئەبستراکتەکەیدا، بریتیە لە کۆمەڵێك هێما و تایبەتمەندی لە جیندەرەی جیاواز، خودێك سەربەخۆ دەکات لە خودێکی دیکە، بە هەبوونی ئەم هێما و تایبەتمەندییانە خود دەبێت وبە نەبوونیان خود ئامادەنابێت و لەوی دیکەدا دەتوێتەوە. (الوغيري 2000، 68)

چەمکی شوناس بە گوێرەی پێشکەوتنە مێژووییەکەی، لە ڕوانگەی دوو ڕێبازی ناسراو و دژ بەیەك لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، لە لای یەکەمیان شوناس لە دەرەنجامی هاوبەشەکانی وەك زمان و مێژوو وکلتور و ئاین و هەرێم دروست دەبێت و شوناسی کلتوریش بریتیە لەو کلتورە هاوبەشەی لە نێوان زۆرینەیەکدا هەیە کە مێژوو وبنەچەیەکی هاوبەشیان هەیە، هەرچی ڕێبازی دووەمە لەگەڵ ئەوەی نکوڵی لە ڕەهەندی مێژوویی شوناس ناکات، بەڵام لە لایان شوناس پرۆسەیەکی بەردەوامە و کامڵ نییە و لە گۆڕانی بەردەوامدایە لە ڕێڕەوە مێژووییەکەیدا. (Mustafa KOC 2006, 37)

زۆرینەی توێژەران هاوڕان لەسەر ئەوەی کە چەمکی شوناس بەو چوارچێوە پێوەریانە دەوترێت کە کەسێکی پێدەناسرێتەوە وپێناسە دەکرێت، ئەمەش شوناسی کۆمەڵ و کۆمەڵگە و کلتوریش دەگرێتەوە. (میکشیللي 1993، 7)

1. میدیای نوێ(New Media) : فەرهەنگی ئۆکسفۆرد پێناسەی میدیای نوێ دەکات کە بریتیە لە هەموو ئەو ئامرازانەی پەیوەندیکردنی جەماوەری کە تەکنیکی دیجیتاڵی بەکاردەهێنێت وەك ئینتەرنێت. (Oxford Learners Dictionaries 2021)
2. ئاڵنگاری (Challenge):ئاڵنگاری ئەو کۆمەڵە ئاستەنگ و کێشانەن کە دەوری کۆمەڵگەیەك دەدەن و ڕێگری لە پێشکەوتنی هزری و ئاکاری وسیاسی وکۆمەڵایەتی و زانستی دەکەن. (المصمودي 1997، 113)

## بەشی دووەم: چەمک وئامرازەکانی میدیای نوێ

### یەکەم: چەمکی میدیای نوێ وشێوەکانی

1. بەدیارکەوتنی تەکنۆلۆجیای نوێ و شێوازی نوێی پەیوەندیکردن بوون بە مایەی بەدیارکەوتنی تایبەتمەندی وئەرکی نوێ لە پەیوەندیکردندا، گرنگترینیان گواستنەوە بوو لە ئامرازی پەیوەندیکردنی جەماوەرییەك ئاراستە و ناوەڕۆکی هارمۆنییەوە، بۆ تەکنۆلۆجیای پەیوەندیکردنی کاڵیککەرانەی دوو ئاراستە و فرە ناوەڕۆکی، دەستەواژەی (میدیای نوێ) بەدەرکەوت بۆ گوزارشتکردن لەم دیاردە نوێیانە. (نایار 2019، 12-13)
2. لە چەندین دەروازەوە دەڕواندرێتە چەمکی میدیای نوێ و پەرەسەندنی ئامرازەکانی لە میانی ڕەوتە مێژوویی و تەکنۆلۆجییە جیاوازەکانییەوە. جۆن پاڤلیك (Pavlik) بیرۆکەی میدیای نوێ لە دەروازەی شۆڕشی دیجیتاڵی و ئینتەرنێت و ئەو ئەپلیکێشنانەی لە دوایانەوە هاتوون دەبینێت، بەڵام دیڤیس (Davis) و ئۆین (Owen) دەستپێکردنەکەی لە میانی کۆمەڵێك فۆرمی میدیایی نوێ دەبینەوە، کە بە تەواوی نمونەی میدیای ترادیشناڵی گۆڕی، ئەوان هەرچەندە ڕۆڵی تەکنۆلۆجیای دیجیتاڵی و ئینتەرنێت فەرامۆش ناکەن، بەڵام کۆك نین لەگەڵ توێژەرانی دیکە سەبارەت بە سەرەتای سەردەمی میدیای نوێ، توێژەرانی دیکەش وەکو گیتلمان (Gitelman)و پینگری (Pingree) دیدیان دەربارەی میدیای نوێ بنیاتناوە لەسەر پرینسیپی حالەتی ڕاگوزەرانەی میدیاییەوە.(صادق 2011، 29)
3. شێوەکانی میدیای نوێ ئەمانە دەگرێتەوە: وێبسایتەکان وبلۆگەکان (Websites and blogs)، وەشاندنی دەنگی و بینراو لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە (Streaming audio and video)، ژوورەکانی گفتوگۆکردن (Chat rooms)، ئیمیل (Email)، کۆمیونیتی ئۆنلاین (Online communities)، ڕیکلامی ئینتەرنێت ( Web advertising)، میدیایCD و DVD rom ، ژینگە گریمانەییەکان (Virtual reality environments)، پەیوەستکردنی داتا دیجیتاڵیەکان بە تیلفۆنەوە ( integration of digital data with the telephone)، کامیرا دیجیتاڵییەکان(Digital Cameras). (Beal 2003) گرنگترینیان بریتین لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پێگەی پەسەندکراوە کۆمەڵایەتییەکان (Social bookmarking)، ئەمانە جگە لە ماڵپەڕەکانی ئاڵوگۆڕکردنی وێنە وڤیدیۆ و هەروەها بلۆگەکان. (البیاتي 2014، 330)

## دووەم: پێناسەی میدیای نوێ و ئاکارەکانی

1.میدیای نوێ دەستەواژەیەکی گشتگیرە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو بۆیەکەمجار بەدیار کەوتوە وئاماژەیە بۆ میدیای پشبەستوو بە کۆمپیوتەر، هەروەها بە گرنگترین چەمك و دەستەواژەی میدیایی هەژمار دەکرێت کە لە نێو توێژەران و تایبەتمەندانی میدیا و پەیوەندی جەماوەرییەوە سەریهەڵداوە وبەکاردەهێندرێت، وێڕای دەوڵەمەندییە تەکنیکیەکەی و گرنگییە سیاسی و ئابوری و فەرهەنگییەکەی، بەڵام پێناسەیەکی یەکانگیری نییە لە نێوان تیۆریستیانی زانستە مرۆییەکان وتیۆرەکانی زانیاری وپەیوەندیکردن.(شیخاني 2010، 442)

2.میدیای نوێ بەگوێرەی فەرهەنگ و ئینسیکلۆپیدیاکان بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت:

فەرهەنگی (Cambridge) پێناسەی میدیای نوێ دەکات کە بریتیە لەو بەرهەمهێنراو و خزمەتگوزارییانەی کە زانیاری وەیان کات بەسەربردن فەراهەم دەکات لە ڕێگای بەکارهێنانی ئامێرەکانی کۆمپیوتەریان ئینتەرنێت، نەوەک لە ڕێگای هەندێك ئامرازی ترادیشناڵی وەکو تیلیڤیزیۆن و ڕۆژنامەدا. (Cambridge Dictionary 2021)

ئینسیکلۆپیدیای (PC Magazine encyclopedia) پێناسەی میدیای نوێ دەکات لە میانی دوو دەروازەوە: (PC Mag 2021)

"أ- شێوەیەکە لە شێوەکانی پەیوەندیگرتن لە جیهانی دیجیتاڵیدا، کە بڵاو دەکرێتەوە لە ڕێگەی (CD) و(DVD) ، وەیان لەوەش گرینگتر لە ڕێگەیئینتەرنێت، بەو مانایەی کە بەکارهێنەر دەستی دەگات بە ماددەکان لەرێی مۆنیتەر وەیان لاپتۆپ وەیان مۆبایلی زیرەك، هەموو کۆمپانیاکانی جیهان پەرەیان سەندووە بە کرداری میدیای نوێ وە.

ب- ئامرازێکی نوێی پەیوەندیکردنە لە جیهانی دیجیتاڵیدا، کە ڕێگە بە کۆمەڵە بچوکەکانی خەڵك دەدات کۆببنەوە لە میانی کۆمپیوتەرەوە بۆ ئاڵوگۆڕ و فرۆشتنی

كاڵا و زانیارییەكان، سەرباری ڕێگەدانی بە زۆرێك لە خەڵك بۆ ئەوەی دەنگیان هەبێت لە ناو كۆمەڵگەكەیاندا و لە جیهانیشدا بەشێوەیەكی گشتی".

3. میدیای نوێ بە ژمارەیەك ئاكار دەناسرێتەوە كە دەكرێت كورتیان بكەینەوە لە:(د. المشهداني، 2020، 76-79)

- گۆڕین لە سیستەمی ئەنەلۆگەوە بۆ سیستەمی دیجیتاڵی: سیستەمی ئەنەلۆگ زانیارییەكان دەگوازێتەوە لەسەر شێوەی شەپۆلی یەك بەدوای یەك، بەڵام سیستەمی دیجیتاڵی لە شێوەی ژمارەی لەیەك جیای صفر و یەك (01) دەگوازرێتەوە و كاتێك دەگات بە وەرگر (receiver) ئەویش لەلای خۆیەوە وەریدەگێڕێت بۆ دەنگ وەیان وێنە وەیان هیتر.

- كارتێككەری :(Interactivity) ئەم ئاكارە ( تایبەتمەندییە) بەو پلەیەی كارلێكردنەی دەوترێت كە بەشداربووان لە كرداری پەیوەندیكردندا كاریگەریان دەبێت لەسەر ڕۆڵی ئەوانی دی و لە تواناشیاندا دەبێت ئاڵوگۆڕی بكەن، ئەو پراكتیزەكردنەش پێدەوترێت پراكتیزەكردنی بەرامبەری یان كارلێككەری، نێرەر وەردەگرێت و دەنێرێت لەیەك كاتدا؛ هەروەها وەرگریش بەهەمان شێوە.

-پارچەكردنی كۆنێكشن :(Demassification) بەو مانایەی پەیامی كۆنێكتیڤی دەكرێت ئاراستەی یەك تاك بكرێت وەیان كۆمەڵێكی دیاریكراو، نەوەك بۆ جەماوەرێكی قەبە وەك ئەوەی لە رابووردوو هەبوو. هەروەها بە واتای پلەی كۆنترۆلكردنی سیستەمی كۆمیونیكەیشن دێت بە شێوەیەك پەیامەكە راستەوخۆ لە بەرهەمهێنەری پەیامەكەوە دەگات بە بەكاربەرەكەی.

- هاودەمكردن :(Synchronization) ئەوەشیان توانای ناردن و پێشوازی لێكردنی نامەكانە لە كاتی گونجاو بۆ تاكی بەكارهێنەر، پێویستیش ناكات لەسەر بەشداربووان كە هەموو سیستەمەكە لە هەمان كاتدا بەكاربهێنن.

- كینەماتیكی :(Move and kinematic) ئامرازەكانی پەیوەندیكردنی نوێ بەرەو بچوككردنەوەی قەوارە ولەگەڵ توانای سوود لێوەرگرتنی لە پەیوەندیكردندا لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی دیكە لە كاتی جولانی بەكارهێنەرەكەی دەچن...

- توانای گواستنەوە :(Convertibility) ئەمەیان توانای ئامرازەكانی پەیوەندیكردنە لە گواستنەوەی زانیاری لە ئامرازێكەوە بۆیەكێكی دیكە،وەك ئەو تەكنیكانەی دەتوانێت نامەیەكی بیستراو بگۆڕێت بۆ نامەیەكی چاپكراو وەیان بە پێچەوانەوە .

- لە تواناداببوونی بەیەكگەیاندن :(Conduction) واتا توانای بەیەكگەیاندنی ئامێرەكانی پەیوەندیكردن بە زۆر جۆر لە ئامێری دیكە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو كۆمپانیایەی دروستیكردووە وەیان ئەو وڵاتەی تیایدا دروستكراوە، وەك گەیاندنی DVD ئامێری تیلیڤیزیۆن بە ئامێری ڤیدیۆ.

- هاوبەشبوون و بڵاوبوون: واتا بڵاوبوونەوەی سیستەماتیكیانەی سیستەمەكانی پەیوەندیگرتن لە چواردەوری جیهان و لەناو هەر چینێك لە چینەكانی كۆمەڵگە.

- جیهانگەرایی: ژینگەی سەرەكی نوێی ئامرازەكانی پەیوەندیكردن بریتیە لە ژینگەی جیهانی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی زانیارییەكان ڕێچكە ئاڵۆزەكان بگرنەبەر. دەكرێت هەمان ئەم ئاكارانە بە دیارترین تایبەتمەندییە بەرچاوەكانی تەكنۆلۆجیای نوێ هەژمار بكرێن. (شومان 1998، 161).

## سێیەم: بەش وجۆر و ئامرازەكان میدیای نوێ

میدیای نوێ دەكرێت دابەش بكرێت بۆ ئەم بەشانە: (Owen 1998, 9-17)

1. میدیای نوێ بە تەكنەلۆژیای كۆن: بە گوێرەی ئەم پۆلێنكردنە میدیای نوێ لە شێوەی رادیۆ و تیلیڤیزیۆن و ڕۆژنامە لە ڕێگەی داهێنانی جۆری نوێ لە بەرنامەگەلێك كە لەگەڵ پۆلێنكردنەكانی میدیای نوێ هەژمار دەكرێن، وەك: رادیۆ و تەلەڤیزیۆنی دیالۆگكردنTV/Radio Talk و بەرنامەزیندووەكانی گفتوگۆكردنTalk Show و گۆڤارە هەواڵییەكانMagazine TV News و هەواڵە راستەخۆكان Live Show ، ئەمانەش لە ڕێگەی بەكارهێنانی تیكنۆلۆجیای نوێی وەك كۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بۆ بەرهەمهێنانی ئەم بەرنامانە و هەروەها پراكتیزەكردنی شێوازی نوێ لە بنیاتنانی بابەتەكان و پێشكەشكردنیان.
2. میدیای نوێ بە تەكنۆلۆجیای نوێ: بریتیە لەو ئامرازانەی كە لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا لەگەڵیاندا دەژین و لەسەر پلاتفۆرمی كۆمپیوتەر كار دەكەن، تۆڕەكانی ئینتەرنێت و ئیمێل و زۆرێك لە سایتەكانی سەر تۆڕی ئینتەرنێت دەگرێتەوە، ئەم ئامرازانە توانای گۆڕینەوەی زیندوو و خێرای بە بەكارهێنەران داوە، سەرباری لێكدانی تەكنۆلۆجیا وئامرازە جیاوازەكان لەگەڵ یەكتری؛ ئاستەنگە زەمانی و شوێنییەكانی بڕیوە بە جۆرێك میدیایەكی نوێ لە ئامراز و لە پراكتیزەكردندا هاتۆتە ئاراوە، بە شێوەێك جەماوەر خۆی كاری ڕۆژنامەگەری ئەنجام دەدات لە میانی ئەم میدیایە نوێیەدا.
3. میدیای نوێ بە تەكنۆلۆجیای تێكەڵ: ئەم جۆرەی میدیا جیاوازییەكانی نێوان كۆن و نوێ ناهێڵێت و حاڵەتێكی سوود لە یەكتر وەرگرتنی لە نێوانیان دروست كردووە، گرنگی میدیای نوێ تەنها هەر بۆ جەماوەر نییە، بەڵكودەزگاكانی راگەیاندنیش كاردەكەن بۆ ئەوەی دەزگاكانیان بە تەكنۆلۆجیای نوێ و ئەپلیكەیشنەكانیان رابگەن، زۆر ڕۆژنامە هەن لەسەر كاغەز دەردەچن و هەروەها پێگەیان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت هەیە و دەتوانرێت لەوێوە بخوێندرێتەوە و ببینرێت، هەمان حاڵەت لە زۆرێك تەلەڤیزیۆنەكان هەیە بە شێوەیەك زۆر لە بەرنامەكانیان و هەواڵەكان لە ڕێگای تەلەڤیزیۆن و ئینتەرنێت وەشانیان بۆ دەكرێت.

## بەشی سێیەم

## تەوەری یەكەم: چییەتی شوناس و شوناسی فەرهەنگی

## یەکەم: پێناسەی شوناس

1. "چەمکی شوناس پێوەندیی بە کێیەتی و چییەتی تاک و کۆمەڵەوە هەیە. واتای شوناس لە لێکچوون و هەستی یەکبوون لەگەڵ کەساندا دیکەی دەبینرێت. پێناسەی سەرەکی شوناس، پێوەندیی بە ناسینەوە هەیە، و کۆمەڵێک نیشانە و شوێنەواری ماددی، کەلەپووریی و دەروونیی و پێوەندیدار بە ژینەکە دەبێتە هۆی ناسینەوەی تاک لە تاک، گروپ لە گروپ یان کەلەپوور لە کەلەپوور". (موفیدی 2017)

2. شوناس تاك بونیاد نیە، بەو مانایەی لە یەك توخم پێکنایەت، جا ئاین،یان زمان، یان رەگەز، یان ویژدان، یان رەوشت، یان ئەزموونی خودی؛ یان زانستی بە تەنها بێت، بەڵکو دەرەنجامی کارلێکەری هەموو ئەم توخمانەیە، .. ("برنخ" 2019، 370)

3. دیارکردنی چەمکی "شوناس" دەوەستێتە سەر واتای زمانەوانی و فەلسەفی و سۆسیۆلۆجی و مێژوویی چەمکەکە. لە زمانی عەرەبی چەمکی (الهویة) بەکاردێت و لە زمانی ئینگلیزی (Identity)، چەمکەکە لە بنچینەدا لاتینییە و بە واتای: "هەمان شت" دێت، یان ئەو شتەی کە هەیە وەك خۆی، چەمکەکە لە زمانی فەرەنسیدا (Identite')بە مانای کۆمەڵەیەك لە تایبەتمەندی دێت کە وا لە کەسێك دەکات کەسەکە پێی بناسرێتەوە وەیان دیاری بکرێت. (عفيف البيوني، أحمد بعلبكي وأخرون 2013، 23)

4. چەمکی شوناس لەو چەمکانەیە کە سەختە پێناسەیەکی دیار ودیاریکراوی بۆ بکرێت، چەمکێکی زیاتر ئایدیۆلۆجییە لەوەی چەمکێکی زانستی بێت، بە تایبەتی دەکرێت گوزارشت لە شوناس بکرێت لە ڕێگەی ئەو خەسڵەتانەی کۆمەڵەیەك تیایدا هاوبەشن؛ وەك ئاین، یان نەتەوە و زمان، یان ڕەگەز، ئەو خەسڵەتانەش گۆڕاون بە گوێرەی ڕێگەی بەکارهێنان وخستنەکارەکەی. (ابراهيم، 2001، 103)

## دووەم: شوناسی کلتوری وتاکی کورد

1. چەمکی شوناسی کلتوری لە شەستەکانی سەدەی ڕابووردووەوە لە جیهاندا تەشەنەی کرد لەگەڵ هەڵکشانی نەتەوەگەرای و شۆڕشگێڕیەتی لە ناوچەکە بە تایبەتی و لە جیهانی سێیەم بە گشتی، لە دەرەنجامی گەرمەی ململانێی نێودەوڵەتی یان ڕۆشنبیری، بەکارهێنانی چەمکەکە بەرەو هەڵکشان چوو بە تایبەتی لە دەرەنجامی جەمسەرگیری شارستانی نێوان ڕۆژئاوا وڕۆژهەڵات لە ماوەی شەڕی سارددا، دوای ئەویش لە سایەی جەنگ لە دژی تیرۆر و وبڵاوبوونەوەی تێزی دیالۆگی شارستانی، کە تیایدا شوناس هاوشانی کلتور دێت؛ وەك دیتن وگۆشە نیگایەك بۆ جیهان. (شفيعة حداد، أسماء بلاغماس 2019، 235).

2.شوناسی کلتوری پێناسە دەکرێت بە دەرەنجامی هزر وزمان ومێژوو وداب ونەریت وهونەرەکان وباوەڕەکان و کەلەپوور وبەها و پێوەرە عەقلییەکان و هەندێك توخمی دیکە، کە کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگەیەکی دیکە جیا دەکاتەوە وەیان کۆمەڵگەکان و گەلان پێی جیادەکرێنەوە لەیەکتر. (شحاتة 2016، 37)، یان بریتیە لە بڕی چەسپاو وکرۆکی و هاوبەش لە خەسڵەتە گشتییەکانی نەتەوەیەك کە جیایدەکاتەوە لە نەتەوەکانی دیکە، مۆرکێکی جیاکەرەوە بە کەسایەتی نیشتیمانی وەیان نەتەوەیی دەدات و جیایدەکاتەوە لە کەسایەتی نیشتیمانی وەیان نەتەوەیی دیکە. (التويجري 1997، 15).

3. شوناسی کلتوری بوێکە؛ دەبێت و لە گەشەسەندندایە نەوەك ساز وئامادە و لە حاڵەتی کۆتاییدا بێت، جولە وبزاوتەکەشی بە ئاراستەی؛ پوکانەوە یان بە ئاراستەی بڵاوبوونەوەیە، دەوڵەمەند دەبێت بە ئەزموون و ئازارەکان و سەرکەوتن و ئامانجەکانی خاوەنەکانی، هەروەها دەوڵەمەند دەبێت بە بەرکەوتنەکانی بە شێوەی ئەرێنی و نەرێنی لەگەڵ شوناسە کلتورییەکانی دیکە کە بەشێوەیەك لە شێوەکان لێکجیان. جولەی شوناسی کلتوری لە سێ بازنەدا دەبێت کە یەك چەقیان هەیە: بازنەی یەکەم، تاك لە ناو یەك کۆمەڵدا، بازنەی دووەم، کۆمەڵەکان لە ناو نەتەوە، بازنەی سێیەم، نەتەوەیەك بەرامبەر نەتەوەکانی دیکە... (م. الجابري 1997، 298) شوناسی کلتوری ئەڵقەی سەرەکی بەستنەوەی مرۆڤە بە خاکی نیشتیمانەکەی، بەو مانایەش شوناسی کلتوری پێچەوانەی جیهانگیرییە کە لە هەوڵی ئەوە دایە جیهان بکات بە یەك گوندی بێ سنوور. (البكري 2009، 379)

4.تاکی کورد وشوناسی فەرهەنگی:نەتەوەی کورد وەك گەلێکی دێرین ورەسەنی رۆژهەلاتی کۆن، بە یەکێك لە نەتەوە پێشینەکانی ناوچەکە وجیهان هەژمار دەکرێت و رۆڵ وکاریگەری هەبووە لەسەرهەڵدانی شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا، وەك نەتەوەیەکی خاوەن خاك و رەگەز بوونی خۆی سەلماندوە وناسنامەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە. بنەچەی کورد وەك نەتەوەیەکی رەسەن و بنچینەی خەڵکی کوردستانن ودەگەرێنەوە سەر باوانێك کە بە درێژایی مێژوو لە ناوچەکانی زاگرۆس ومیسۆپۆتامیا وناوچەکانی دیکەی کوردستان ژیاون. (موحەمەد ۲۰۲۱, ۷۸).

" شوناس، بە کەس نابەخشرێت بەڵکوو لەڕێگەی دانوستان و مامەڵە لەگەڵ ئەوانی دی، دێتە بەرهەم. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت شوناس بە پرۆسەیەکی درێژخایەن لە قەڵەم بدرێ کە هەمیشە لە حاڵی گۆڕاندایە. بۆ نموونە شوناسی نەتەوەیی و ئەتنیکی مرۆڤی کورد بەپێی کات و شوێن دەگۆڕێ. ڕەنگە کوردبوون لە هۆڵەندا لەگەڵ کوردبوون لە کوردستان دوو شتی جیاواز بن یا کوردبوونی 2009 لەگەڵ کوردبوونی 1920 جیاوازیان هەبێت". (شەبانی ۲۰۱۰, ۲۰۷).

## تەوەری دووەم: ئاڵنگارییەکانی شوناسی کلتوری

بویەر و داهێنانە نوێکان لەگەڵ سەرهەڵدانیان ئەڵنگاریش لەگەڵ خۆیان دەهێنن، لەسەر کۆمەڵگا پێویست دەکات بە مەبەستی زاڵبوون بەسەریدا

گۆڕانکاری گشتگیر لە بوارە جیاوازەکانی ژیان ئەنجام بدات.

1. ئاڵنگاری ئەو کۆمەڵە ئاستەنگ و کێشانەن کە دەوری کۆمەڵگەیەك دەدەن و ڕێگری لە پێشکەوتنی هزری و ئاکاری وسیاسی وکۆمەلآیەتی و زانستی دەکەن. (ابراهیم 2019، 5)، بەڵام مەبەست لە ئاڵنگاریە کلتورییەکان؛ گشتاندنی میدیای گلۆبالیزەکراو بۆ کلتوری بەکاربردن و بەشبەشکردن لە ناو کۆمەڵگە و کاریگەریکردن لەسەر پێکهاتە سەرەکییەکانی رۆشنبیرییەکەی لە ڕێگەی جیهانگیری میدیاییەوە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندیدارە بە زمان و ئاین و بەهاکان و تراديسيۆن و هۆشمەندی مێژووی بۆ خود وبۆ ئەوی دی . جیهانگیری لە هەوڵی خولقاندنی رۆشنبیرییەکی گەردونی گشتگیرە کە روماڵی هەموو چالاکیە مرۆییەکان دەکات و لە هەوڵی خولقاندنی مرۆڤێکی جیهانی بەرنامەڕێژکراودایە کە یەك رەهەندی بڕوابوو بە ئایدیۆلۆجیای بازاڕی جیهانی ویەکانگیر لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی و هێماکانی و دروشمەکانی هەیە. (المصمودي 1997، 113).

2. میدیای نوێ بە گشتی و سۆشیال میدیا بە تایبەتی گۆڕانکاری وهەژانێکی گەورەی لە چەندین کایەی ژیانی هاوچەرخ بەرپاکردووە، هەروەها چەندین ئاڵنگاری هێناوەتە پێشەوە لە لایەنەکانی: هزری، کلتوری، کۆمەلآیەتی، سیاسی، یان ئابووری، و دەرهاوێشتەی نوێی لێکەوتۆتەوە کە رەنگدانەوەی لەسەر ژیانی تاکەکان وکۆمەڵگەکان هەبووە لە لایەنی ماددی و هزری و ئاکارییەوە، بەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر ئایدیاڵ و بەها و پێوەر و ستایل و ڕێکاکانی ژیان، بە جۆرێك پێکهاتەی کۆمەڵگەیی و بە تایبەتیش خێزانی بڕیوە وئاسەوارێکی زۆری بەجێهێشتووە، دوورەکانی نزیك کردۆتەوە وپەیوەندییەکانی پتەوکردووە، گرنگترین ئاسەوارە نەرێنییەکانی لەتوانادا نەبوونی کۆنترۆلکردن وئاراستەکردنی بەرجەستە دەبێت، بە شێوەیەك زۆربەی ئامرازەکانی کلتوری دەرەوەی کۆمەڵگاکە دەگوازێتەوە. (شكيرب 2021، 79) . ئەم حاڵەتەش پێویستی بە بەکارهێنانی دروست و خۆگونجاندن هەیە بە شێوەیەکی هاوسەنگ لە بەرژەوەندی کۆمەڵگە وکلتورەکەی.

3. لە دەرەنجامدا دەکرێت ئەو ئاڵنگارییانەی ڕووبەڕووی شوناسی کلتوری دەبنەوە چڕبکەینەوە لە: داگیرکاری کلتوری وەیان پاشکۆبوونی کلتوری، نامۆبوونی شوناسی کلتوری، جیهانگیری و کاریگەرییەکانی لەسەر شوناسی کلتوری، ئامرازەکانی کۆمیونیکەیشنی مۆدێرن و رەنگدانەوەی لەسەر شوناسی کلتوری. (سعاد 2014-2015، 76-84).

## بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی

### تەوەری یەکەم: میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییە تیایدا میتۆدی رووپێوی بەکارهاتووە، بەو پێیەی لەگەڵ سروشتی لێکۆڵینەوەکە وناونیشان وئامانجی توێژینەوەکە گونجاوە.

### تەوەری دووەم: شیکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسی و خستنەڕووی زانیارییەکانی توێژینەوە

**خشتەی (1) دابەشبوونی نمونەی توێژینەوە بەپێی رەگەز**

| رەگەز | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | 106 | %44.2 |
| مێ | 134 | %55.8 |
| کۆی گشتی | 240 | %100.0 |

لە خشتەی ژمارە (1) کەڕەگەزی نمونەی توێژینەوەڕوون دەکاتەوە،ڕەگەزی مێ لە نمونەی توێژینەوە بەڕێژەی (55.8%) بە پلەی یەکەم هاتووە بە (134) دووبارەبوونەوە،ڕەگەزی نێر لە نمونەی توێژینەوە بە پلەی دووەم دێت بەڕێژەی (44.2%) بە (106) دووبارەبوونەوە.

**خشتەی (2) دابەشبوونی نمونەی توێژینەوە بەپێی ئاستی خوێندن**

| (قوتابی/ خوێندکاری) | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| پەیمانگا | 145 | %60.41 |
| کۆلێژ | 95 | %39.59 |
| کۆی گشتی | 240 | %100.0 |

لە خشتەی ژمارە (2) بۆمان بەدیار دەکەوێت کە لێتوێژراوان بە پلەی یەکەم قوتابیانی پەیمانگەکانن بە رێژەی (60.41%) بە (145) دووبارەبوونەوە، بە پلەی دووەم قوتابییانی کۆلێژەکان دێت بە رێژەی (39.59%) بە (95) دووبارەبوونەوە.

**خشتەی (3) دابەشبوونی نمونەی توێژینەوە بەپێی ساڵانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ**

| ساڵ | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| <1 | 21 | %8.8 |
| 1-2 | 27 | %11.3 |
| 3-4 | 60 | %25.0 |
| >=5 | 132 | %55.0 |
| کۆی گشتی | 240 | %100.0 |

بە پێی دەتاکانی خشتەی ژمارە (3) زۆرینەی بەکارهێنەرانی ئەمرازەکانی میدیای نوێ لەم توێژینەوەیەدا ئەوانەن ماوەی پێنج ساڵیان زیاترە بەکاری دەهێنن وڕێژەکەیان (55.0%) بە (132)دووبارەبوونەوە بە پلەییەکەم دێن، بە پلەی دووەم ئەوانەن کە ماوەی (3-4) ساڵ بەکاری دەهێنن وڕێژەکەیان (25.0%) بە (60) دووبارەبوونەوە، بە پلەی سێیەم ئەو لێتوێژراوانەن کە (1-2)ساڵ دەبێت بە کاری دەهێنن وڕێژەکەیان (11.3%) بە (27) دووبارەبوونەوە، لە پلەی چوارەم وکۆتاییدا ئەوانە دێن کە ماوەی کەمتر لە ساڵێکە ئامرازەکانی میدیای نوێیەکار دەهێنن وڕێژەکەیان (8.8%) بە (21) دووبارەبوونەوە.ئەم درێژانەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە زیاتر لە نیوەی لێتوێژراوان ماوەی پێنج ساڵ وەیان زیاترە ئامرازەکانی میدیای نوێیەکار دەهێنن.

**خشتەی (4) دابەشبوونی نمونەی توێژینەوە بەپێی ئاستی سوودوەرگرتن لە میدیای نوێ**

| ئاستی سوود وەرگرتن | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هەرگیز(هیچ) | 4 | %1.7 |
| کەمە | 18 | %7.5 |
| مام ناوەندیە | 45 | %18.8 |
| باشە | 98 | %40.8 |
| زۆر باشە | 57 | %23.8 |
| نایابە | 18 | %7.5 |
| کۆی گشتی | 240 | %100.0 |

لە خشتەی ژمارە (4)دا بە دیار دەکەوێت کە ئاستی سوود وەرگرتن لە میدیای نوێ بە شێوەیەکی باش بە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (40.8%) بە (98) دووبارەبوونەوە، ئاستی سوود وەرگرتنی زۆر باش بە پلەی دووەم بە ڕێژەی (23.8%) و بە (57) دووبارەبوونەوە دێت، پاشان بە پلەی سێیەم ئاستی سوودوەرگرتنی مام ناوەندی دێت بە ڕێژەی (18.8%) بە (45) دووبارەبوونەوە دێت، بە پلەی چوارەم ئاستی سوودوەرگرتن بە رادەیەکی کەم لەگەڵ بە رادەیەکی نایاب بە ڕێژەی (7.5%) بە (18) دووبارەبوونەوە دێت، لە پلەی پێنجەم وکۆتایی ئەوانە دێن کە هیچ و هەرگیز سوودیان لە میدیای نوێ وەرنەگرتووە و ڕێژەکەیان (1.7%) بە (4) دووبارەبوونەوە.

ڕێژە سەدییەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە (72.1%) لە لێتوێژراوان بە رادەیەکی باش وزۆرباش و نایاب سوودیان لە میدیای نوێ وەرگرتووە، لەگەڵ سوودوەرگرتنی مام ناوەندی بە ڕێژەی (18.8%)، بە گشتی ئاستی سوودوەرگرتن دەگات بە (90.9%)، لە بەرامبەردا تەنها ڕێژەی (9.2%) بە رادەیەکی کەمیان هەرگیز سوودیان لە میدیای نوێ وەرنەگرتووە.

**خشتەی (5) دابەشبوونی نمونەی توێژینەوە بەپێی هۆکارەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ:**

| ز | هۆکاری بەکارهێنانت بۆ ئامرازەکانی میدیای نوێ و ماوەی بەکارهێنانەکەت؟ | بەکاری ناهێنم | | کەم کات | | هەندێک کات | | زۆر کات | | زۆرترین کاتەکانم | | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارەبوون | % | دووبارەبوون | % | دووبارەبوون | % | دووبارەبوون | % | دووبارەبوون | % | | | |
| 1 | بەدەستهێنانی زانیاری | 5 | 2.1% | 8 | 3.3% | 62 | 25.8% | 86 | 35.8% | 79 | 32.9% | 3.94 | 0.953 | 78.83% |
| 2 | دۆزینەوە وناسینی هاوڕێی نوێ | 75 | 31.3% | 65 | 27.1% | 46 | 19.2% | 33 | 13.8% | 21 | 8.8% | 2.42 | 1.294 | 48.33% |
| 3 | بلاوکردنەوەی زانیاری وبەشداریکردن | 32 | 13.3% | 43 | 17.9% | 77 | 32.1% | 45 | 18.8% | 43 | 17.9% | 3.10 | 1.270 | 62.00% |
| 4 | ئالوگۆڕی وێنە و ڤیدیۆ | 31 | 12.9% | 68 | 28.3% | 64 | 26.7% | 49 | 20.4% | 28 | 11.7% | 2.90 | 1.211 | 57.92% |
| 5 | ئەنجامدانی هەندێک کار | 23 | 9.6% | 40 | 16.7% | 84 | 35.0% | 58 | 24.2% | 35 | 14.6% | 3.18 | 1.162 | 63.50% |
| 6 | بۆ ڕاییکردنی کار وپیشەکەم | 33 | 13.8% | 38 | 15.8% | 62 | 25.8% | 64 | 26.7% | 43 | 17.9% | 3.19 | 1.289 | 63.83% |
| 7 | بازرگانیکردن | 103 | 42.9% | 51 | 21.3% | 31 | 12.9% | 30 | 12.5% | 25 | 10.4% | 2.26 | 1.391 | 45.25% |
| 8 | گەڕان بە دوای زانست و هۆشیاری | 10 | 4.2% | 26 | 10.8% | 68 | 28.3% | 73 | 30.4% | 63 | 26.3% | 3.64 | 1.108 | 72.75% |
| 9 | کات بەسەربردن | 24 | 10.0% | 54 | 22.5% | 81 | 33.8% | 51 | 21.3% | 30 | 12.5% | 3.04 | 1.158 | 60.75% |
| 10 | خۆ دزینەوە لە کێشەکانی ژیان | 49 | 20.4% | 56 | 23.3% | 65 | 27.1% | 31 | 12.9% | 39 | 16.3% | 2.81 | 1.342 | 56.25% |

بە پێی خشتەی ژمارە (5) دۆزینەوەی دووبارەبوونەوە وڕێژەی سەدی وناوەندی ژمێریاری ولادانی پێوانەیي وڕێژەی بەکارهێنانن بۆ بڕگەکانی پرسیاری تایبەت بە(هۆکارەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ) بەم شێوەیە:

ناوەندی ژمێریاری بۆ بڕگەی یەکەم (بەدەستهێنانی زانیاری) یەکسانە بە (3.94) بە ڕێژەی (78.83%) بە لادانی پێوانەیي (0.935)، بە پلەی یەکەم دێت.

ناوەندی ژمێریاری بۆ بڕگەی هەشتەم (گەڕان بەدوای زانست وهۆشیاری) یەکسانە بە (3.64) بە ڕێژەی (72.75%) بە لادانی پێوانەیي (1.108)، بە پلەی دووەم دێت.

ناوەندی ژمێریاری بۆ بڕگەی شەشەم (بۆ ڕاییکردنی کار وپیشە) یەکسانە بە (3.19) بە ڕێژەی (63.83%) بە لادانی پێوانەیي (1.289)، بە پلەی سێیەم دێت.

ناوەندی ژمێریاری بۆ بڕگەی پێنجەم (ئەنجامدانی هەندێک کار) یەکسانە بە (3.18) بە ڕێژەی (63.50%) بە لادانی پێوانەیي (1.162)، بە پلەی چوارەم دێت.

ناوەندی ژمێریاری بۆ بڕگەی سێیەم (بڵاوکردنەوەی زانیاری وبەشداریکردن) یەکسانە بە (3.10) بە ڕێژەی (62.00%) بە لادانی پێوانەیي (1.270)، بە پلەی پێنجەم دێت.

ناوەندی ژمێریاری بۆ بڕگەی نۆیەم (کات بەسەربردن) یەکسانە بە (3.04) بە ڕێژەی (60.75%) بە لادانی پێوانەیي (1.158)، بە پلەی شەشەم دێت.

ناوەندی ژمێریاری بۆ بڕگەی چوارەم (ئالوگۆڕی وێنە وڤیدیۆ) یەکسانە بە (2.90) بە ڕێژەی (57.92%) بە لادانی پێوانەیي (1.211)، بە پلەی حەفتەم دێت.

ناوەندی ژمێریاری بۆ بڕگەی دەیەم (خۆدزینەوە لە کێشەکانی ژیان) یەکسانە بە (2.81) بە ڕێژەی (56.25%) بە لادانی پێوانەیي (1.342)، بە پلەی هەشتەم دێت.

ناوەندی ژمێریاری بۆ بڕگەی دووەم (دۆزینەوە وناسینی هاوڕێی نوێ) یەکسانە بە (2.42) بە ڕێژەی (48.33%) بە لادانی پێوانەیي (1.294)، بە پلەی نۆیەم دێت.

ناوەندی ژمێریاری بۆ بڕگەی حەفتەم (بازرگانیکردن) یەکسانە بە (2.26) بە ڕێژەی (45.25%) بە لادانی پێوانەیي (1.391)، بە پلەی دەیەم دیت.

**خشتەی (6) دابەشبوونی نمونەی توێژینەوە بەپێی کاریگەری دراما وگۆرانی بیانی لەسەر لاوازبوونی شوناسی کلتوری تاکی کورد**

| بوونی کاریگەری | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 137 | %57.1 |
| نەخێر | 15 | %6.3 |
| تا رادەیەک | 88 | %36.7 |
| کۆی گشتی | 240 | %100.0 |

بە گوێرەی خشتەی ژمارە (6) ڕێژەی (57.1%) و بە(137) دووبارەبوونەوە لە لێتوێژراوان لایان وایە کە دراما وگۆرانی بیانی کاریگەریان هەیە لەسەر لاوازبوونی شوناسی کلتوری تاکی کورد، و ڕێژەی (36.7%) بە (88) دووبارەبوونەوە لایان وایە کە کاریگەرییەکە تا رادەیەکە، هەرچی ئەوانەی رایان وایە کە کاریگەری نییە ڕێژەکەیان (6.3%) بە (15) دووبارەبوونەوە. داتاکان و ڕێژەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی زۆرینەی رەها لە لێتوێژراوان لەگەل ئەوەدان کە دراما وگۆرانی بیانی کاریگەریان هەیە لەسەر لاوازبوونی شوناسی کلتوری تاکی کورد.

**خشتەی (7) دابەشبوونی نمونەی توێژینەوە بەپێی چۆنییەتی کاریگەری میدیای نوێ بە لایەنی باشی وخراپی**

| ژ | ئایا میدیای نوێ کاریگەری چۆن بووە لەسەر: | باش | | نازانم | | خراپ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووباره بوونەوە | % | دووباره بوونەوە | % | دووباره بوونەوە | % |
| 1 | لایەنی ئاینی | 116 | 48.3% | 77 | 32.1% | 47 | 19.6% |
| 2 | پەیوەستبوون بە نەتەوە وخاک | 96 | 40.0% | 74 | 30.8% | 70 | 29.2% |
| 3 | پەیوەستبوون بە داب ونەریتی نەتەوەیی | 95 | 39.6% | 60 | 25.0% | 85 | 35.4% |
| 4 | بەرزڕاگرتنی بۆنە وبادە نەتەوەییەکان | 122 | 50.8% | 66 | 27.5% | 52 | 21.7% |
| 5 | شوناسی رۆشنبیری بە گشتی | 115 | 47.9% | 86 | 35.8% | 39 | 16.3% |
| 6 | پەروەردەی خیزانی | 89 | 37.1% | 62 | 25.8% | 89 | 37.1% |
| 7 | ئاسایشی کۆمەڵگە | 76 | 31.7% | 85 | 35.4% | 79 | 32.9% |
| 8 | ئاسایشی خیزانی | 71 | 29.6% | 72 | 30.0% | 97 | 40.4% |
| 9 | جلوبەرگی نەتەوەیی | 86 | 35.8% | 62 | 25.8% | 92 | 38.3% |

به پێی خشتەی ژمارە (7)لە وەڵامی برگەی یەکەم دەربارەی چۆنییەتی کاریگەری میدیای نوێ لەسەر لایەنی ئاینی، لێتوێژراوان بە ڕێژەی (48.3%) و (116) دووبارەبوونەوە بە بوونی کاریگەری باش وەڵامیان داوەتەوە، لە بەرامبەردا بە ڕێژەی (19.6%) و (47) دووبارەبوونەوە بە بوونی کاریگەی خراپ وەڵامیان داوەتەوە، بەڵام ئەو لێتوێژراوانەی بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە ڕێژەکەیان (32.1%) و (77) دووبارەبوونەوە.

لە وەڵامی برگەی دووەم دەربارەی چۆنییەتی کاریگەری میدیای نوێ لەسەر پەیوەستبوون بە نەتەوە وخاک، لێتوێژراوان بە ڕێژەی (40.0%) و (96) دووبارەبوونەوە بە بوونی کاریگەری باش وەڵامیان داوەتەوە، لە بەرامبەردا بە ڕێژەی(29.2%) و (47) دووبارەبوونەوە بە بوونی کاریگەی خراپ وەڵامیان داوەتەوە، بەڵام ئەو لێتوێژراوانەی بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە ڕێژەکەیان (30.8%) و (74) دووبارەبوونەوە.

لە وەڵامی برگەی سێیەم دەربارەی چۆنییەتی کاریگەری میدیای نوێ لەسەر لایەنی پەیوەستبوون بە داب ونەریتی نەتەوەیی، لێتوێژراوان بە ڕێژەی (39.6%) و (95) دووبارەبوونەوە بە بوونی کاریگەری باش وەڵامیان داوەتەوە، لە بەرامبەردا بە ڕێژەی (35.4%) و (85) دووبارەبوونەوە بە نەبوونی کاریگەی باش وەڵامیان داوەتەوە، بەڵام ئەو لێتوێژراوانەی بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە ڕێژەکەیان (25.0%) و (60) دووبارەبوونەوە.

لە وەڵامی برگەی چوارەم دەربارەی چۆنییەتی کاریگەری میدیای نوێ لەسەر لایەنی بەرزڕاگرتنی بۆنە وبادە نەتەوەییەکان، لێتوێژراوان بە ڕێژەی (50.8%) و (122) دووبارەبوونەوە بە بوونی کاریگەری باش وەڵامیان داوەتەوە، لە بەرامبەردا بە ڕێژەی (21.7%) و (52) دووبارەبوونەوە بە بوونی کاریگەی خراپ وەڵامیان داوەتەوە، بەڵام ئەو لێتوێژراوانەی بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە ڕێژەکەیان (27.5%) و (66) دووبارەبوونەوە.

لە وەڵامی برگەی پێنجەم دەربارەی چۆنییەتی کاریگەری میدیای نوێ لەسەر لایەنی شوناسی رۆشنبیری بە گشتی، لێتوێژراوان بە ڕێژەی (47.9%) و (115) دووبارەبوونەوە بە بوونی کاریگەری باش وەڵامیان داوەتەوە، لە بەرامبەردا بە ڕێژەی (16.3%) و (39) دووبارەبوونەوە بە بوونی کاریگەی خراپ وەڵامیان داوەتەوە، بەڵام ئەو لێتوێژراوانەی بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە ڕێژەکەیان (32.1%) و (77) دووبارەبوونەوە.

لە وەڵامی برگەی شەشەم دەربارەی چۆنیەتی کاریگەری میدیای نوێ لەسەر لایەنی پەروەردەی خێزانی، لێتوێژراوان بە ڕێژەی (37.1%) و (89) دووبارەبوونەوە بە بوونی کاریگەری باش وەڵامیان داوەتەوە، لە بەرامبەردا بە ڕێژەی (37.1%) و (89) دووبارەبوونەوە بە بوونی کاریگەی خراپ وەڵامیان داوەتەوە، بەڵام ئەو لێتوێژراوانەی بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە ڕێژەکەیان (25.8%) و (62) دووبارەبوونەوە.

لە وەڵامی برگەی حەفتەم دەربارەی چۆنیەتی کاریگەری میدیای نوێ لەسەر لایەنی ئاسایشی کۆمەڵگە، لێتوێژراوان بە ڕێژەی (31.7%) و (76) دووبارەبوونەوە بە بوونی کاریگەری باش وەڵامیان داوەتەوە، لە بەرامبەردا بە ڕێژەی (32.9%) و (79) دووبارەبوونەوە بە بوونی کاریگەی خراپ وەڵامیان داوەتەوە، بەڵام ئەو لێتوێژراوانەی بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە ڕێژەکەیان (35.4%) و (85) دووبارەبوونەوە.

لە وەڵامی برگەی هەشتەم دەربارەی چۆنیەتی کاریگەری میدیای نوێ لەسەر لایەنی ئاسایشی خێزانی، لێتوێژراوان بە ڕێژەی (29.6%) و (71) دووبارەبوونەوە بە بوونی کاریگەری باش وەڵامیان داوەتەوە، لە بەرامبەردا بە ڕێژەی (40.4%) و (97) دووبارەبوونەوە بە بوونی کاریگەی خراپ وەڵامیان داوەتەوە، بەڵام ئەو لێتوێژراوانەی بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە ڕێژەکەیان (30.0%) و (72) دووبارەبوونەوە.

لە وەڵامی برگەی نۆیەم دەربارەی چۆنیەتی کاریگەری میدیای نوێ لەسەر لایەنی جلوبەرگی نەتەوەیی، لێتوێژراوان بە ڕێژەی (35.8%) و (86) دووبارەبوونەوە بە بوونی کاریگەری باش وەڵامیان داوەتەوە، لە بەرامبەردا بە ڕێژەی (38.3%) و (92) دووبارەبوونەوە بە بوونی کاریگەی خراپ وەڵامیان داوەتەوە، بەڵام ئەو لێتوێژراوانەی بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە ڕێژەکەیان (25.8%) و (62) دووبارەبوونەوە.

**خشتەی (8) دابەشبوونی نمونەی توێژینەوە بەپێی ئاڵنگارییەکانی شوناسی کلتوری لە میدیای نوێدا**

| ژ | ئاڵنگارییەکانی شوناسی نەتەوەیی لە میدیای نوێدا؟ | زۆر لەگەڵیدانیم | | لەگەڵیدانیم | | نازانم | | لەگەڵیدام | | زۆر لەگەڵیدام | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی بوونی (%) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارەبوونەوە | % | دووبارەبوونەوە | % | دووبارەبوونەوە | % | دووبارەبوونەوە | % | دووبارەبوونەوە | % | | | |
| 1 | جیاوازی هەیە لەنێوان کلتور و شوناسی نەتەوەیی لەگەڵ کلتوری میدیای نوێ | 4 | 1.7% | 18 | 7.5% | 79 | 32.9% | 98 | 40.8% | 41 | 17.1% | **3.64** | **0.91** | **72.83%** |
| 2 | قوتابی زانکۆ رازی نیە بە کلتور و شوناسی نەتەوەیی | 10 | 4.2% | 43 | 17.9% | 81 | 33.8% | 64 | 26.7% | 42 | 17.5% | **3.35** | **1.09** | **67.08%** |
| 3 | قوتابی زانکۆ توانای بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانە کلتورییە هاوچەرخەکای نیە | 11 | 4.6% | 49 | 20.4% | 68 | 28.3% | 59 | 24.6% | 53 | 22.1% | **3.39** | **1.17** | **67.83%** |
| 4 | هەڵسوڕێنەرانی میدیای نوێ لە کوردستان گرنگی نادەن بە بڵاوکردنەوەی کلتور و شوناسی نەتەوەیی | 9 | 3.8% | 23 | 9.6% | 69 | 28.8% | 73 | 30.4% | 66 | 27.5% | **3.68** | **1.09** | **73.67%** |
| 5 | ناوەڕۆکی تایبەت بە کلتور و شوناسی نەتەوەیی لە میدیای نوێ لەلایەن قوتابی زانکۆ سەیر ناکرێ | 5 | 2.1% | 33 | 13.8% | 75 | 31.3% | 73 | 30.4% | 54 | 22.5% | **3.58** | **1.05** | **71.50%** |
| 6 | قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکان کاریگەریی هەبووە لەسەر گرنگی نەدانی قوتابی زانکۆ بە ناوەڕۆکی تایبەت بە کلتور و شوناسی نەتەوەیی لە میدیای نوێدا | 4 | 1.7% | 20 | 8.3% | 62 | 25.8% | 88 | 36.7% | 66 | 27.5% | **3.80** | **0.99** | **76.00%** |
| 7 | کلتور و شوناسی وڵاتە پێشکەوتووەکان و وڵاتانی دراوسێ بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێشتر پێشکەش دەکرێ بە کلتور و شوناسی نەتەوەیی | 4 | 1.7% | 23 | 9.6% | 61 | 25.4% | 88 | 36.7% | 64 | 26.7% | **3.77** | **1.00** | **75.42%** |

بە پێی خشتەی ژمارە (8) دۆزینەوەی دووبارەبوونەوە و ڕێژەی سەدی

وناوەندی ژمێریاری ولادانی پێوانەیی وڕێژەی بەکارهێنانن بۆ بڕگەکانی پرسیاری تایبەت بە (ئالنگارییەکانی شوناسیکلتوری لە میدیای نوێدا) بەم شێوەیەیە:

ناوەندی ژمێریاری بۆ بڕگەی یەکەم (جیاوازی هەیە لەنێوان کلتور و شوناسی نەتەوەیی لەگەڵ کلتوری میدیای نوێ) یەکسانە بە (3.64) بە ڕێژەی (72.83%) بە لادانی پێوانەیی (0.91)، بە پلەی چوارەم دێت.

ناوەندی ژمێریاری بۆ بڕگەی دووەم (قوتابی زانکۆ ڕازی نیە بە کلتور و شوناسی نەتەوەیی) یەکسانە بە (3.35) بە ڕێژەی (67.08%) بە لادانی پێوانەیی (1.09)، بە پلەی حەفتەم دێت.

ناوەندی ژمێریاری بۆ بڕگەی سێیەم (قوتابی زانکۆ توانای بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانە کلتورییە هاوچەرخەکای نییە) یەکسانە بە (3.39) بە ڕێژەی (67.83%) بە لادانی پێوانەیی (1.17)، بە پلەی شەشەم دێت.

ناوەندی ژمێریاری بۆ بڕگەی چوارەم (هەڵسوڕێنەرانی میدیای نوێ لە کوردستان لە (هەرێمی کوردستان) گرنگی نادەن بەبڵاوکردنەوەی کلتور و شوناسی نەتەوەیی) یەکسانە بە (3.68) بە ڕێژەی (73.67%) بە لادانی پێوانەیی (1.09)، بە پلەی سێیەم دێت.

ناوەندی ژمێریاری بۆ بڕگەی پێنجەم (ناوەڕۆکی تایبەت بە کلتور و شوناسی نەتەوەیی لە میدیای نوێ لەلایەن قوتابی زانکۆ سەیر ناکرێ) یەکسانە بە (3.58) بە ڕێژەی (71.50%) بە لادانی پێوانەیی (1.05)، بە پلەی چوارەم دێت.

ناوەندی ژمێریاری بۆ بڕگەی شەشەم (قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکان کاریگەریی هەبووە لەسەر گرنگی نەدانی قوتابی زانکۆ بە ناوەڕۆکی تایبەت بە کلتور و شوناسی نەتەوەیی لە میدیای نوێدا) یەکسانە بە (3.80) بە ڕێژەی (76.00%) بە لادانی پێوانەیی (0.99)، بە پلەیەکەم دێت.

## دەرئەنجامەکان

1. زۆرینەی ڕەهای بەکارهێنەرانی میدیای نوێ ماوەی زیاتر لەپێنج ساڵە بەکاری دەهێنن و ڕێژەی بەکارهێنانی لەنێو ڕەگەزی مێ زیاترە لە ڕەگەزی نێر.
2. زۆرینەی ڕەهای بەکارهێنەرانی میدیای نوێ ئاستی سوودوەرگرتنیان لە میدیای نوێ بە باشی هەڵدەسەنگێنن و کەمینەیەك لایان وایە سوودیان لێوەرنەگرتووە.
3. هۆکاری بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لەلایەن لێتوێژراوان بە شێوەیەکی یەك لەدوای یەك بەم شێوەیەیە: بەدەستهێنانی زانیاری، گەڕان بەدوای زانست وهۆشیاری، بۆ ڕاییکردنی کار وپیشە، ئەنجامدانی هەندێك کار، بڵاوکردنەوەی زانیاری وبەشداریکردن، کات بەسەربردن، ئاڵوگۆڕی وێنە وڤیدیۆ، خۆدزینەوە لە کێشەکانی ژیان.
4. زۆرینەی ڕەها لەگەڵ ئەوەدان کە دراما وگۆرانی بیانی کاریگەریان هەیە لەسەر لاوازبوونی شوناسی کلتوری تاکی کورد.
5. کاریگەری میدیای نوێ بە لایەنەخراپەکەی لە بواری ئاسایشی خێزانی وئاسایشی نەتەوەیی و جلوبەرگی نەتەوەیی، زیاترە لە لایەنە باشیەکەی وهەرچی لەلایەنی پەروەردەی خێزانییە هەڵسەنگاندنەکان بە لایەنی باشی وخراپی یەکسانە.
6. لێتوێژراوان بە پلەی یەکەم لەگەڵ ئەوەدان کە قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکان کاریگەریی هەبووە لەسەر گرنگی نەدانی قوتابی زانکۆ بە ناوەڕۆکی تایبەت بە کلتور و شوناسی نەتەوەیی لە میدیای نوێدا.

## ڕاسپاردەکان

**1.** بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی وتەکنیکی بەکارهێنەرانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بە تایبەتی لە نێوچینی قوتابیاندا، لە ڕێگەی خوێندن و ڕاهێنانی ئەکادیمیانەی فەرمی وتێکەڵکردنی لەگەڵ پرۆگرامی خوێندن، بە تایبەتی کە گەنجان ڕێژەی هەرە زۆری ئەو کەسانە پێکدێنن کە بەکاری دێنن.

**2.** گرینگدان و بەرزکردنەوەی ئاستی میدیای نوێی کوردی لە لایەنەکانی ناوەڕۆك وبابەت وکواڵیتی بۆ ئەوەی لە توانایدا بێت ڕکابەری میدیای نوێی جیهانی بکات وتاکی کورد لە کاریگەرییە خراپەکان بپارێزێت.

**3.** پتەوکردن وناسین و ئاشنابوونی تاکی کورد بە شوناسەکەی بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە، لەڕێگەی دەزگاکانی خێزان و قوتابخانەکان و زانکۆکان و هەروەها ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، بۆ ئەوەی تاکێکی دروستی بڕوا بە خۆبوو و بە نەتەوەکەی ساز وئامادەبکرێت، لە توانایدا بێت بە شێوەیەکی دروست وزانستییانە لە سەردەمی جیهانگیری ولێشاوی زانیاری مامەڵە لەگەڵ میدیای نوێ ولێکەوتەکانی بکات لە بەرژەوەندی شوناسەکەی.

## لیستی سەرچاوەکان


سەرچاوە کوردییەکان:
کتێب:

1. شەبانی، ئەحمەد (2010) فەرهەنگی زانستی سیاسی، انتشارات دانشگاه کردستان، سنندج- کوردستان

گۆڤار:

2. موحەمەد، فاتیح عەبدواڵا ڕەگ وریشەی ڕەچەڵەکی کورد لەبەر ڕۆشنایی سەرچاوەکانی مێژوودا، گۆڤارا زانکویا دهوك ، پەربەندا 24، ژمارە 1.

ماڵپەڕ ئەلیکترۆنییەکان:

3. سەباح، موفیدی (٢٠١٧) ماڵپەڕی میللەت پرێس.
https://www.milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre=38870&T
Accessed 6 2 2021

سەرچاوە عەرەبییەکان:
کتێب:

4. المصمودي،مصطفى (1997) "النظام الإعلامي الجديد على مفترق طريق." وقائع مؤتمر الاتصال والدبلوماسية بين الإعلام والسياسة في القرن الحادي والعشرين. عمان- الأردن
5. نايار، برامود كيه (2019) مقدمة الى وسائل الإعلام الجديدة والثقافات الإلكترونية. المملكة المتحدة: مؤسسة هنداوي
6. أبراهيم، حيدر(2001) العولمة وجدل الهوية الثقافية. سلسلة عالم الفكر.
7. المشهداني، سعد سليمان ، فراس حمود العبيدي(2020) مواقع التواصل الإجتماعي وخصائص البيئة الإعلامية الجديدة.
8. البياتي، ياس خضر(2014) الإعلام الجديد الدولة الإفتراضية الجديدة. عمان-الأردن: دار البداية،
9. صادق، عباس مصطفى(2011) الإعلام الجديد المفاهيم والوسائل والتطبيقات. عمان-الأردن: دار الشروق للنشر والتوزيع.
10. الودغيري، عبدالعلي(2000) اللغة والدين والهوية. الدار البيضاء: مطبعة النجاح الجديدة.
11. البيوني، عفيف أحمد بعلبكي وأخرون(2013) الهوية وقضايا في الوعي العربي المعاصر. بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية
12. ابراهيم، السعيد مبروك (2019) مواقع التواصل الإجتماعي وتعزيز تفاعل الثقافات في العصر الرقمي. تحرير الإنسانية، مجموعة من الأكاديميين في مجال العلوم. القاهرة: مؤسسة الباحث للإستشارات البحثية.

گۆڤار:

13. شحاتة، فوزي محمد الهادي (2016) "مشكلات الشباب.. أزمة هوية ثقافية." مجلة كلية الخدمة الاجتماعية للدراسات والبحوث الاجتماعية (جامعة الفيوم) الثالث، رقم الثالث: 95-111.
14. برنخ، طارق معمر(2019)"وسائل الإعلام الجديد وقضايا الهوية والمواطنة في اطار تحديات العولمة." البحوث والدراسات الإعلامية، 367-405.
15. أسماء بلاغماس، شفيعة حداد (2019) "تأثير العولمة في بعدها الثقافي الهوياتي على الهوية الثقافية الوطنية." المجلة الجزائرية للأمن الإنساني، 228-292.
16. شومان، محمد (1998) "عولمة الإعلام ومستقبل النظام الإعلامي العربي." مجلة عالم الفكر.
17. شيخاني، سميرة (2010) "الأعلام الجديد في عصر المعلومات." مجلة جامعة دمشق، 435-480.
18. التويجري، عبدالعزيز بن عثمان(1997) الهوية والعولمة من منظور حق التنوع الثقافي. الرباط: المنظمة الإسلامية للتربية والعلوم والثقافة - إيسيكو-
19. شكيرب، آسيا (2016،) أثر شبكات التواصل الاجتماعي في تغيير أنماط العلاقات الأسرية. (مؤتمر ضوابط استخدام شبكات التواصل الاجتماعي في الاسلام، المجلد الرابع، المحور الثالث (القسم الأول).
20. "برنخ"، طارق معمر(2019) "وسائل الإعلام الجديد وقضايا الهوية والمواطنة في اطار تحديات العولمة." البحوث والدراسات الإعلامية العاشر، رقم الثالث (اكتوبر -ديسيمبر): 367-405.

ماستەرنامە:

21. سعاد، بلعربي (2014-2015.) أثر استخدام شبكات التواصل الاجتماعي على الهوية الثقافية، رسالة ماجستير، جامعة عبدالحميد بن باديس، مستغنام

سەرچاوە ئینگلیزییەکان:
کتێب:

22. Owen ,Richard (1998)New Media and American Politics

گۆڤار:

23. Mustafa KOC, volume 5 Issue 1 Article 5. "CULTURAL IDENTITY CRISIS IN THE AGE GLOBALIZATION AND TECHNOLOGY." The Turkish Online Journal of Technology-TOJET Junuary 2006:1303-6521 5, no. 1 (Junuary 2006): 37-43.

ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان:

24. Dictionary, Cambridge 2021. https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/ne
25. W-medial (accessed 2 6, 2021).
26. Dictionaries , Oxford Learners 2021 (https://www.oxfordlearnersdictionaries.com/definition/english/new-media?q=new+media (accessed 2,
27. Mag, PC 2021. https://www.pcmag.com/encyclopedia/term/new-media Definition)
28. Vangie, Beal . 14 11 2008. https://www.webopedia.com/definitions/twitter/ Accessed 2 16, 2021.

# The challenges of the cultural identity of the Kurdish individual in the new media

**(Research extracted from the MSc.degree)**

**Shilan Issmat Qadir**

Department of Media, College of Arts, Salahaddin University – Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

shilan21@epu.edu.iq

**Prof. Dr. Rizgar Shikh mohamad**

Department of Media, College of Arts, Salahaddin University – Erbil, Kurdistan Region, Iraq

Rizgar.shikhmohamad@su.edu.krd

**Abstract:**

The aim of the study is to identify challenges that can hinder the cultural identity of the Kurdish individuals through new media. The significance of this study stems from the fact that cultural identity can affect both individuals and community through considering the sense of belonging to both nation and people. And strengthening these aspects through cultural development can have a reviving impact through protection and empowerment of both identity and cultural ethnicity.

On the other hand, unawareness and ignorance about negative effects of the new media can be considered as a serious challenge to Kurdish individuals consequently the future of the nation in general. This study is a descriptive study that has utilized from survey method. The Sample of the Study was 240 male and female who are students at Arbil technical institution and Arbil Technical University. The result of the study has find out that the new media has communicated with the new generation creating new cultural impacts on them. Similar to other cultural identities, the Kurdish identity face a serious experience because cultural challenges are considered as one of biggest challenges that can occur to communities. At the end of the study, the researcher has presented recommendations and suggestions to handle this issue.